ئایدیا والآ گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والآ دوو مانگ جارێك دەریدەكات ... ژمارە (٢٩) تشرینی یەکەمی ٢٠١١

# بەشداری سیاسی

**ئا: هـــانا**




بەشداری سیاسی چەمك و گرفتەكان لە نوسینی (عادل عەلی) وە لە قەبارەی (138) لاپەرەدا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدییەوە بە چاپگەیەنراوە، یەكێكە لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیرانە.

لە سەرەتای ئەم كتێبەدا ئاماژە بەوتەیەكی د.عەلی ئەسغەر كراوەو دیموكراسی نە زۆرترین ئازادییە و نە زۆرترین یەكسانییە، بەڵكو دیموكراسی زۆرترین بەشدارییە، نوسەر لە پێشەكی ئەم كتێبەدا نوسیویەتی كە ئەم بابەتە لە بنەرەتدا توێژینەوەیەكی زانستیە بەناوی (گرفتەكانی بەشداری سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا) بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەكە ناوەكە گۆڕدراوە بە (بەشداری سیای، چەمك، گرفتەكان) ئەم كتێبە لە چەند بەشێك پێكهاتووە، هەر بەشەش لە چەند باسێك پێكهاتووە، كە بەشی تیۆری و پراكتیكی لە خۆ دەگرێت.

لە بەشی یەكەمدا ئاماژە بەم باسانە كراوە پێناسەی بەشداری سیاسی، بەشداری سیاسی لە بیری لیبراڵیدا، گرنگی بەشداری سیاسی، لەگەڵ جۆروشێوەكانی بەشداری سیاسی .

بەشداری سیاسی یەكێكە لە پرۆسە گرنگ و زیندووەكانی هەر كۆمەڵگەیەك، بەو پێیەی بەشداریكردن و هاوبەشیكردنی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگەیە لە پرۆسە و سیستمە سیاسیەكانی وڵاتدا نیشانەی زیندویەتیی، واتە چەندە رێژەی بەشداری و هاوبەشیكردنی لەسەرجەم كایە سیاسیەكانیشدا زیادبێت، ئەوا بێگومان ئەو كۆمەڵگەیە زیاتر پێشكەوتن بەخۆوە دەبنێ و گەشەی زیاتریش لەسەرجەم بوارەكاندا دەكات و، هەنگاوەكانی بەرەو دیموكراتی خێراتر دەكات، بەشی دووەمی كتێبەكەش لە سێ باس پێكهاتووە لە باسی یەكەمدا كەرەستە تەقلیدیەكانی بەشداری سیاسی كراوە، لەم بەشدا ئاماژە بەوە كراوە كە تەنیا بوونی حزب گەرەنتی نییە بۆ هێنانەدی بەشداری سیاسی، بە پێچەوانەوە هەندێك حزب و سیستمی حزبی كار لەسەر پەكخستنی بەشداری سیاسی دەكەن، ئەمەش بۆ پاراستنی دەستكەوتەكانی چینی دەسەڵاتدارە، هەوەها بۆ پاراستنی پێگەی كۆمەڵایەتی و ئابوورییان، بەمەش دواجار دەسەڵات لە ژێر دەستی ژمارەیەكی كەم لە سەركردەكاندا دەمێنێتەوە.

لە باسی دووەمی هەمان بەشدا ئاماژە بە كەرەستە مۆدێرنەكانی بەشداری سیاسی كراوە، كە كەستەكانی پەیوەندی و كۆمەنییكەیشن زۆر پێشكەوتووە و وەك دەوترێ جیهان بووە بە گوندێكی بچوك و لە كەمترین ماوەدا زۆرترین زانیاری دەگوێزێتەوە.

لە باسی سێهەمەوە لەم بەشەشدا تایبەتمەندیەكانی بەشداری سیاسی خراوتە ڕوو، كە ئاماژە بە سێ تایبەتمەندی سەرەكی كراوە بۆ بەشداری سیاسی ئەوانیش (كردار، خۆبەخشی و هەڵبژاردن).

بەشی سێهەمیش وەك دوابەشی كتێبەكە ئاماژە بە گرفتەكانی بەشداری سیاسی لە هەرێمی كوردستان كراوە، كە ئاماژە گرفتەكانی كلتوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریەكان كراوە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگە وەك دەرەنجام خراوەتەڕوو، بریتیە لە چەند خاڵێك لەوانە:

- مەوداكانی ئازادی بەشداری سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا لە ئاستێكی نزمدایە.
- هەموو چالاكیە سیاسی و فەرهەنگیەكان كە بەشێكن لە بەشداری سیاسی بە یاسا رێكنەخراوە.
- بەشداری سیاسی وەك یەكێك لە سیماكانی دیموكراسی تەماشا نەكراوە.
- هەستكردن بە گیانی لێپرسراوێتی، چونكە بەشداری سیاسی پێش هەموو شتێك لێپرسراوێتیە.

دواجاریش ئاماژە بە كۆمەڵێ پێشنیاز و راسپاردە كراوە، بۆئەوەی بەشداری سیاسی لە هەرێمی كوردستان بەهێزتر بكرێت.